# گە نجان + مادە بێ هۆشکەرەکان =بە کوردستانێکی هیواو ئاشتی...؟!!




**نوسینی : ڕێژین ابراهیم**

rezhen@maktoob.com


گە نجان خاوەنی باکگراوندو فەرهەنگی جیاوازن لە ناو کۆمەڵگادا، لەگەڵ ئەوەشدالە ئێستادا هەست دەکەم کە توێژێکی فەرامۆشکراون زۆر بەکەمی پێویستە مادی و ڕوحیەکانیان بۆ فەراهەم کراون لەلایەن خودی دەستەلاٚتەوە، بێ گومان هەندێك جاریش پێویستیە ماددیەکان لە زیادە بەدەر دەبنە هۆکارێکی ترسناك لە کۆمەڵگادا، بەرەو ئاقارێکی سلبی دەبات وە بە پێچەوانەشەوە، هەندێك جار گە نجا نمان مەعنەویەن بێبەشن لەگەڵ دوونیای دەرەوەدا کە ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە لە نێوان توێژی گە نجاندا دەبێتە هۆکاری چاولێکەری ودراسە کردنی ئەو حاڵەتە دەروونیەی کە لەزۆر لایەنەوە بەسەر خودی گە نجاندا دێت،کە خۆی بەئاستێکی کەم دەزانێت لە چاوو گە نجانی ئۆروپی، دیسانەوە ئەم حاڵەتە دەروونیانە هۆکارێکە بۆ چەواشە کردنی گە نجان لەلایەن دەستەلاٚتەوە، پشتگیری نەکردنێکی تەواو بەوەی لەدابین کردنی ئەو حەزوو ئارەزووانەی گە نجان کە بتواتنرێت پێویستیەکانیان بۆ فەراهەم بکرێت بتوانێت بوونیان بسەلمێنێت، بە هەڵەشەو گێرە شوێوێن لەقەڵەمیان نەدات، ئەوانەی کە باسمان کردن گوناهی دەستەلاٚت و هێزە کوردییەکانە کە لەزۆر ڕووەوە حەق نادەن بە گە نجان کە دەیان توانی وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا لە ڕێی دروست کردنی دەیەها سەنتەرو یانەی فیکری و هونەری و ئەدەبی گە نجان لەخۆی کۆ بکاتەوە بتوانی ئەو کارە ناهەموارانە لە بیرو بۆچوون ومێشکی گە نجان دەربکات و بەرەو ئاقارێکی نوێ و فکریو ڕۆشنبیری بەرێت، گە نجان دوربخاتەوە ئیدی جارێکی تر گە نجان ڕوو لەو کارە ناکەن ئەگەر مادیەن زەعیفیش بن روو لەکاری تر نەکەن و خودانە چەندین کاری نەشیاو لەوانە مادە بێهۆشکەرەکان وەك تلیاك و حەشیشە وحەبی ئارتین . سیکۆتین خواردن....هتد، دیارە ئەم هۆکارانەش پێویستی بەدەیەها لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەیەلەلایەن هەموو دەزگا کۆمەلاٚیەتییەکانەوە پشت گوێ نەخستنی ئەم کێشەیە لە ناو کۆمەڵگادا کە شتێکی باوە لە ئێستادا، دەبوو لەنێوا ئەم هەموو سەنتەرو بنکەی ڕۆشنبیریانەدا سەنتەرێکی چالاکی لەبواری توێژینەوەی کۆمەلاٚیەتی تاییەت بە چاودێری کردنی گە نجان لە هەموو شوێنە گشتەکاندا تاکو بتوانرێت کێشە یەکی لەو جۆرە

روونەدات، چونکە هەمیشەگە نجان بە توێژێکی چالاك ناودەبرێت هەر گە نجە دەتوانێت چارە نوسی گەل و وولاّتی دیاری بکات بتوانیّ شوناسێکە تایبەتی پێك بهێنیّ ، هەرئەمەش هەندێك جار وا لەدەستەلاّت دەکات کە چیدی ناچاری بکات کە گوێیی لێبگرێت بتوانێت بوونی خۆی لە نێو کۆمەڵدا بسەلمێنیّ ،ئەگەر بەدیوێکی تردا بروانین و وورتر بۆ ئەو کێشە یە بڕۆین رەنگە هەر لە نێوەندی وولاّتی خۆشماندا ئەو مەوادەی کە پێی دەلێین سیکۆتین رەنگە شتێکی ئاسای بێت بەلای زۆربەمانەوە بەلاّم لەراستیدا هەندیچك لەگە نجان بۆ مەسەلەیەکی تایبەت بەکاری دەهێنن بۆ بیّ هۆش کردن وەك مادە ەکی بێهۆشکەر دەیکێشن، ئەو جۆرە سیکۆتینەش گە نجان بە تایبەتی سەریان تێکردووە بۆ کێشانی ، ئاشکرایە زۆر جار لەلایەن ئاسایشەوە دەزگیر دەکرێن رەنگە لێپێچینەوەیەکی ئەو تۆی نەبێت چونکە ئەو گە نجانەی ئەو سیکۆتینە دەکێشن بەحاڵەتێکی ئاسای وەری دەگرن کەئەمەش خۆی لەخۆیدا زۆر ترسناکە، لێرە ئەمەوێت بەشێکە تری نوسینەکە بە ئاقاردا بەرم و زیاتر تیشك بخەمە سەر ئەو لایەنا نەی کە بەشێکی گە نجانیان و پەیوەندی لەگەڵ وولاّتانی دراوسیّ بەتایبەتی وولاّتی ئێران ، ئەگەر بەووردی بروانین لە کوردستاندا زۆرێك لە خەڵك لە ئێرانەوە دێن بەرەو سنوری کوردستان کە ئەمە فاکتەرێکی زۆر گرنگە لە بەدەست کەوتنی ئەو حاڵەتە وچاودێریەکی باش بکرێن، چونکەلەئێراندا ئەو مادە بێهۆشکەرە زۆر لە زیاد بووندایە ئەگەر چی وولاّتی ئێران وولاّتێکی ئیسلامیشە بەلاّم رەنگە زۆر ئاسایی بێت لە ناو ئێراندا ئەومامەڵە کردنە بە مادەی بێهۆشکەرەکانەوە ، هەندێکی زۆر لەو گە نجانەی کە لە ئێرانەوە دێن بەو نیازە دێن بۆ فرۆشتنی ئەو جۆرە موادە بێهۆشکەرانە زۆر فرۆشتنی لە هەرێمی کوردستاندا و کڕینیان لەلایەن گە نجانەوە بەتایبەتی، رەنگە ئێمە ڕۆژانە چەندین جار لە رادوێو و تەلەفیزۆنەکان و سەرجەم رۆژنامەکانەوە گوێبیستی ئەو هەواڵە ببین کە باندێکی قاچاغ بەمادە بێهۆشکەرەکان لە سنوری ئێرانەوە هاتوەتە ناو کوردستانەوە بەمەبیەستی فرۆشتنی خۆشبەختانە هێزەکانی ئاسایش توانیان دەستی بەسەردا بگرن بەلاّم بیّ ئاگان لە هەندێکی تر لەو مەوادەی کە دێتە داخلی کوردستانەوە ، لەو نێوەندەدا چەندین لایەنی بەردەکەوێت کە هەریەکە بازرگانیەکی ئەو تۆی پیێوەدەکات تاکو بەهەموو کوردستاندا بلاّو ببێتەوە چیدی وات لێبێت کە باوەر بە هاورێکەشت نەکەی لەبەر ئەوەی چەندین مامەڵە جۆراو جۆری پیێوەدەکەن لە چەندین شێوەدا دایدەڕێژنەوە بۆ پارێزگاری کردن و ئاشکرا نەبوونی بەو کارە ، لەم رۆژانەدا باندێکی تر ئاشکرا بوون لە سلێمانیدا بەلاّم بەداخەوە ناوی چەند هونەرمەندێکمان گویّ لێبوو کە هەریەکێك لە ئێمە لەو باوەرەدا نەبوو هەرگیز کاری لەو شێوەیە لەوانەدا رووبدات ، کەواتە ئەم هەموو شتانەی کە باسمان کرد لەوولاّتی ئێمەدا واریدە ، ئەگەر دەستەلاّت بتوانی ئەو لایەنە یاخود ئەوکێشەیە فەراوموٚش نەکات بیّ ئەوکاتە ناتوانرێت لە نێوەندی کوردستاندا کرین و فرۆشتن بەو مادە بێهۆشکەرانەوە بکرێت لەوولاّتدا ،ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ئەو لایەنەی کە لە کوردستاندا لەلایەن دەستەلاّتەوە دراوە بە و کەسانەی کە لە ئێرانەوە دینە ناو کوردستانەو چەندین کاری لەلایەن دەستەلاتەوە بۆ رادە پەرێندرێت، دیارە من لێرەدا ناڵێم هەموو ئەو کەسانەی کە لە ئێرانەوە دێن بۆ ئەو مەبەستەێن نا بەڵکو هەر ئەو کەسانە ی کە ئەو مامەڵە قاچاغییەدەکەن ناوی ئەو کەسانەیان ناشرین کردووە

**كه بەمەبەستێمی تر رو له كوردستان دەكەن كه ئەوەشەیان پەیوەستەبەوەی كه ئاخۆ دەزگا كۆ مەلآیەتییەكان كارێكی لەو شێوەیان كردوو كه بتوانن كۆنترۆڵێكی مەعریفی بەكار بهێنن لـە بەدسـت هێمـانی كوردسـتانێكی هیواو ئاشتی**